# ژیان و گۆرانیەکانی مەرزیەی فەریقی

کۆکردنەوە و نووسینی: سادق - ح لە شاری سنە.



پێشەکی

پێش ئەوەی کەبرۆینە سەر باسی ژیان و بەسەرهاتی گۆرانیەکانی (مەرزیە) لێرەدا بەپیویستی دەزانم ئاورێك بدەین لەسەر ئەو ژنانەی کەلەکۆنەوە لەمەیدانی گۆرانی گووتن دا چالاکی و تێکۆشانیان هەبووە. لەکۆمەڵگای کوردەواری ئێمەژنانێك وەکوو: مەریەم خان ، دایکی جەماڵ ، نەسرین شیروان، ئایشەشان، گوڵبەهار، فەتانەوەلیدی، گۆرانی کوردیان تۆمار کرد بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیکی کورت وازیان لەگۆرانی گووتن هێنا، ئەویش لەبەر ئەوەی کەلەکۆمەڵگای ئێمەئیزن یان بەژن نەدا کەدەست بەکاری هونەری بکا بەتایبەت لەبواری گۆرانی گووتن.

بەبیرو بۆچوونی من کاری هونەری لەهەر بوارێکدا ژن و پیاو ، کۆڕ و کچ ، دەبێت لەهەموو مەیدانی هونەری شان بەشانی یەکتر خەبات بکەن . ئەمەئەبێ بەهوێ ئەوە کە زیاتر گەشەبەکاری هونەری بدەن . ئەگەر ئێمەلەکۆمەڵگایکی سەربەست و ئازاد دا ژیابایین ئێستا ئەم کەندو کۆسپەمان نەبوو ، ئێمە زۆر ژن و کچمان هەیە کە لە کوردستان دا دەنگیان خۆشە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگاکەمان ئیزن بەوانە نادەن کەبێنە مەیدانی هۆنەری. تێکەڵاو بوونی هەست و ئیحساسی ژن و پیاو، لەهەر کارێکی هۆنەری دا دیمەنێکی جووان و ڕازاوەیە، چۆنکوو ئەو ئیحساسە کە لە ناخی ژن دا هەیەلەناخی پیاو دا نیە.

ئێمەنابێ هەرگیز لایەلایەی دایکانمان لەبیر بچێتەوە، ئەوەبەڕاستی یەکەم گۆرانیە کە منداڵ لەدایکی دەبیسێ، وەئەمە لەمێشکی ئەو منداڵەجێ دەگرێتەوە هەتاکو تەمەنی گەیشتە سەرەوە دیسان لایەلایەی دایکی لەبیر ناچێتەوە. کەوا بوو ئەو دەنگە ناسکە شیرینەی دایك، لەدڵی ئەو منداڵەدا تام و چێژێکی تایبەت بەخۆیەوەدەگرێ.

لانکۆڵێ

لانك لانك لانکۆڵێ، لانك لەدار هەنارێ
وەستا بێ لەتارانێ، لانکێ دروست کا بۆ چاو جوانێ
دەڵێ لەلانێکدا نانوم دەبا بۆی سازکەم جۆڵانێ
هەی رۆڵەسەر دڵ خڕبی باب مردووبی، شەو درەنگەبۆ جێژوانێ
تاوە رۆژی رووناکە هەموو عالەم دەیزانێ

قەت نەبوو بڵێ دانیشین تۆزێك بكەن ڕاو تەگبیر
سەد لەعنەت لەو كەسەی بێ دەس لەباڵات بكا گیر
جا چی بوو ماڵەبابم ئەتۆ جحێڵەو ئەمن پیر

ئەو قورعانەی بتگرێ هێنات لێكت كردووە
سێ جار دەستت پێدادا بۆ مزگەوتت بردەوە
بۆ خۆت كەیفم بۆ دەكەی بەدەم داخ و دەردەوە
دەستەو ئەژنۆت داناوم بەهەناسەی سەردەوە

لانك لانك لانكۆڵێ ، لانك لەدار هەنارێ
وەستا بێ لەتارانێ ، لانكێ دروست كا بۆ چاو جوانێ
دەڵێ لەلانێكدا نانوم دەبا بۆی ساز كەین جۆلانێ
هەی ڕۆڵەسەر دڵ خڕ بی باب مردووبی، شەو درەنگەبۆ جێ ژوانێ
تاوە ڕۆژی ڕووناكە هەموو عالەم دەیزانێ



بێوگرافی مەرز یەی فەرێقی!
مەرزیەی فەرێقی ساڵی ١٩٥٨ زائینی لەشاری مەریوان لەكوردستانی بندەستی ئێران لەدایك بووە، بەڵام دایك و باوك و كەسوكاری خەڵكی شاری سنەن. خوێندنی سەرەتایی لەمەریوان دەستپێكردووە، هەر لەتەمەنی ٩ ساڵانەوە حەزی لەگۆرانی و شانۆ بووە. چەندین جار لەمەدرەسەكایاندا لەبۆنەو جەژنەكاندا ، بەشداریی كردووەوەلەتیپی شانۆشدا چالاكیی نواندووە.

مەرزیە لە سەرەتادا بەگۆرانی فارسی و بەگۆرانیەكانی (فەتانەی وەلیدی) گۆرانی بێژی بەنێو بانگی كوردستانی ئێران دەستی بەتێكۆشان كردووە. بەڵام لەبەر زۆڵم و زۆرێك كەحكوومەتی حاكم لە كورد و زمان و ئەدەب و هۆنەری كوردی دەكرد، وازی لەگۆرانی فارسی هێناوەو گوتنی گۆرانی كوردی لەپێش گرتووە.

یەكەمین گۆرانی كوردی كەتۆماری كرد گۆرانی(( لەسەر كانی دێتەوە لێو بەكەنی و گۆزەبەشانەوە)) بوو. مەرزیەفەرێقی زۆر حەزی بەبیستنی كارەهونەرییەكانی باشوری كوردستان بەتایبەت تیپی مۆسیقای سلێمانی و زیاتر حەزی بەگۆرانییەكانی هونەرمەندان ((كەریم كابان و قادر كابان)) ی ڕەحمەتی كردووە.



مەرزیەدوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەمەریوان، لەبەر ئەوەی ئەو شارەبچووك و دەرەتان بۆ خوێندن كەم بوو، دەچێتەشاری سنە كەناوەندیی پارێزگا (ئوستان) ەبۆ درێژەدان بەخوێندن لەوێ دەرواتە (زانستەئامادەیی) و خوێندنی مامۆستایەتی تەواو دەكا. هەر لەو شارەساڵی ۱۹۷۷ لەگەڵ (كۆڕی مۆسیقای سنە) چەندین جار چۆتەسەر شانۆ و گۆرانی گووتوە. پاش تەواو كردنی ئەو دەورەیەلەسنە، دەگەڕێتەوەبۆ مەریوان و لەگوندێكی نزیك ئەو شارەبووەتەمامۆستای ئەو گوندە. مەرزیەپاش دوو ساڵ دەرس گوتنەوەگوێزراوەتەوەبۆ سنەو لەوێ لەو شارەلەمەدرسەی سەرەتایی دامەرزاوەو دەستی بەوانەگوتنەوەكردووە.

ساڵی ۱۹۷۸ لەگەڵ (ناسری رەزازی) زەماوەند دەكا، بەڵام لەبەر سەرداهاتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چونكە لەگەڵ ناسر شانبەشان لەخۆنیشاندان و ڕێپێوان و خەبات دژی شای دەركراو، خەباتی كردووە دەكەوێتە چاوەدێریی. كە كۆماری ئیسلامی دێتەسەر كار، لەگەڵ ناسر خەباتی خۆی بۆ رزگاریی كورد ستان هەر درێژە پێداوە، بەڵام ئەمجارەیان گیراوەو بۆ ماوەیكی كورت كەوتۆتە بەندیخانەو كاری مامۆستایەتییەكەی لێ سێندراوەتەوە.

ساڵی ۱۹۸۰ كەكۆماری ئیسلامی شارەكانی كوردستانی خستەوەژێر كۆنترۆڵی خۆی، مەرزیەش لەبەر راوەدوونان و گرتن نەیتوانی لەشاردا بمێنێتەوە و چووەبۆ لای ناسر لەشاخ و ئەویش بوو بەپێشمەرگە. مەرزیەلەگەڵ ناسرو دوومنداڵیان (دڵنیا و ماردین) شانبەشان لەچیا، لەشۆڕشی كوردستاندا لەناو (كۆ مەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران) خەباتیان كردووە. ناسر و مەرزیەبەخەباتی هۆنەریی خۆیان لەچیا لەناو كۆڕی بانگەوازدا كۆمەڵێك گۆرانی و سروودی نیشتمانیی و شۆڕشگێڕی بیان بڵاو كردۆتەوە كە بوونە تەوێردی سەر زاری پێشمەرگەو خەڵك و رادێوكانی شۆڕشی كوردستان.



وێنەی (مەرزیەو ناسر) لەسەردەمی پێشمەرگایەتی

سڵاو بۆ پێشمەرگە
سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش
پڵنگی هەردی ولات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە

لەدەوری دەست و تفەنگت گەڕێم کەڕۆژی خەبات
لەئاستی هەڵمەتی تیژت چ ئاگرێ بەرگە

ئەوێستەتۆی لەشەوی تار مۆمی هەڵگیرساو
لەنێو دڵی شەوەزەنگا وەکوو گڕێك راساو

کە ڕانشەکاندووە ئاڵا بەدەستی خاراوت
دەگەی لەکۆسپ و بوواران بەهەستی پاراوت

سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش
پڵنگی هەردی وولات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە

یەکەمین سرودێك کە ژنە گۆرانی بێژی کورد ، تۆماری کرد سرودی (سڵاو بۆپێشمەرگە) بوو . دوای ئەوەگۆرانی (گیانەکەم بەئاسمانی شین) ئەم گۆرانییە هۆنەرمەندی گەورەی کورد (عەزیز شارۆخ) گووتەیەتی بەڵام مەرزیە دەسکاری شیعرەکانی کردووەو لەقالبی شۆڕشگێڕی دا وتوویە. دوای ئەوە گۆرانی (ماچی خودایی) و گۆرانی (پاییز) ئەمانە هەموویان دیاری سەردەمی پێشمەرگایەتین. دەتوانین بڵێین کەمەرزیە یەکەمین گۆرانی بێژی ژن بوو کەسرودی تۆمار کردووە.



مەرزیە بەر لەوەی کەببێ بەهاوسەری ناسر، لەسەردەمی شادا، لە سنە لەگەڵ (فەرهەنگ و هونەری) ئەو شارەگۆرانی گوتووە، بەڵام لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی دا کەتێکۆشانی هۆنەری بۆ ژن قەدەخەبووە، وازی لەکاری هۆنەری هێناوە، بەڵام وەك باس کرا، لەشاخ کاری هۆنەری دەس پێکردۆتەوە، بەداخەوەلەشاخ لەبەر نەبوونی دەرەتانی هۆنەری و هەڵگۆزو داگۆزی پێشمەرگایەتی و چەندین هۆکاری دیکە، ناچار لەگەڵ ناسر و منداڵەکانی وازیان لەپێشمەرگایەتی هێناوەو ساڵی ١٩٨٥ هاتوونەتە وڵاتی سوید و وەکوو پەنابەر ماونەتەوە. مەرزیە لە سوید بووەبەخاوەن کوڕێکی دیکەبەنێوی (کاردۆ) .

سەرەتا مەرزیە لەگەڵ ناسر لەسوید و ئورووپا، کاری هۆنەری دەست پێکردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەکاردۆ منداڵ بووە، بۆ ماوەیك وازی لەکاری هۆنەری هێناوە. مەرزیەساڵی ١٩٩٤ دیسان کاری هۆنەری کردۆتەوەو لەگەڵ ناسر (سی دی) یەکی تۆمار کردووەکەچەند گۆرانی تازەی تێدا بڵاو کردۆتەوە. ئەوسا دواتر لەگەڵ ناسر لە سوید، ئیتالیا، ئاڵمان، سویس، بەلژیك، ئینگلیس، دانمارك، فینلاند، ئوتریش، کانادا، ئوسترالیا و ئامریکا لە ئاهەنگ و بەرنامەدا بەشداری کردۆتەوە، مەرزیە کاری هۆنەری خۆی لەوێ درێژەپێداوەو بۆ خزمەت بەمافی ژنیش هەنگاوی هەڵگرتووەو کۆتایی نەکردووە.

ژنان

ژن ئەی مایەو ماك و هەوێن
ئێوە زەریان گەر بهەژێن
بوومە لەرزەن گەر بلەرزێن
دەسا هەستن ئەی بێبەشان
بۆ مافی یەکسان شان بەشان
ئەی ژنانی دایکی زەوین
ئەی ژنانی ڕەنج و کەوین
ئەی ژنانی زام و ئەوین
ئەستێرەمان لەئێوەزا
گەردنتانا شەو چرا
مێژووی ئێوە جیهانی بوو
زامی ئێوە بارانی بوو
دژی ئێوە نەزانی بوو
دەسا هەستن ئەی بێبەشان
بۆ مافی یەکسان شان بەشان

بالاتان بالای ولاته
سنگتان کەلی ڕۆژ هەلاته
بوونات ڕۆژی پڕ لەهاته
ئەستێرەمان لەئێوەزا
گەردنتانەشەو چرا

ئەم سرودە، هۆنراوەی مامۆستا (شێرکۆبێکەس) ە، هۆنەرمەند (مەرزیەی فەرێقی) بەبۆنەی ٨ مارچ (ڕۆژی جیها نی ژن) لەمیدیا تی ڤی بڵاوی کرد. ژنە هۆنەرمەندی کورد "مەرزیەفەرێقی" جیاواز، لەکاری هۆنەری وەکوو ژنێك لەکۆڕ و کۆبونەوەکانی ژنان لەدەرەوەی وڵات لەبەرانبەر مەسەلەی مافی ژن چالاکانەبەشداری کردووە. مەرزیە لە دەرەوەی وڵات ئەندامی کۆمەڵەی مافی پاراستنی منداڵان لەسوید، ئەندامی پەرلەمانی کورد ستان و هەروەها ئەندامی کۆنگرەیی نەتەوەییە.



کاریگەریی ناسر لەسەر گۆرانییەکانی مەرزیە.
ناسر ی ڕەزازی وەکوو: هاوسەری مەرزیە، لەبواری کاری هۆنەری گۆرا نی گووتندا ، زۆر یارمەتی مەرزیەی داوە. کاریگەریەکانی ناسر لەسەر مەرزیە بۆ وێنە: گووتنی گۆرانی بەچوار زاراوە واتە: هەورامی، کرمانجی، کەلهۆڕی و سۆرانی یە. وەیەکەم گۆرانیبێژی ژن لەکوردستان مەرزیەی فەرێقی یەکەتوانیوەتی بەم چوار زاراوە گۆرانی بڵێ.

لاوۆ جان
تەگەللەکی لمخوار لۆلۆلۆ، لۆلۆ
لۆلۆ لاوۆ دلۆجان

تەز هێشتم بێ ماڵ و وار لۆلۆلۆ، لۆلۆ
لۆلۆ لاوۆ دلۆجان

وەرە لە من بنێر یار لۆلۆلۆ ، لۆلۆ
لۆلۆ لاوۆ دلۆجان

تەوەز کردم دین و هار لۆلۆلۆ ، لۆلۆ
لۆلۆ لاوۆ دلۆجان